# مەرگی هەڵوێست

## بۆساڵمەرگی هاوڕێی خۆشەویستم کاکە ئازاد خانەقینی

**دکتۆر توانا سلێمان مەجید**

لە ساڵی 1984 لە دامێنی چیای کەرکەر، لە ڕۆخی چۆمی سەرگەڵو بۆ یەکەم جار بە کاکە ئازاد خانەقینی شادبووم. ئەودەمە کاکە ئازاد پێشمەرگەی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان و ئەندامی کۆمیتەی شاخی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانبوو. هەڵبەتە دەمێکبوو بەدەنگە بەسۆزەکەی کاکە ئازاد ئاشنابووم و سروودی دەبا فاشیەکان و کەڵکی قەیوانبوو لەو ڕۆژگارە سەخت دژوارانەدا، وەک شنەبایەکی فێنک سینەی خنکاوی دەبووژاندینەوە و مۆمی هیواکانمانی بە داگیرساوی دەهێشتەوە.

هەر لەسەرەتاوە کەسایەتی کاکە ئازاد سەرنجی ڕاکێشام و هەستم دەکرد کە لە پێشمەرگەکانی تر جودایە. کاکە ئازاد خاوەنی بیرێکی سەربەخۆ و لیبرالبوو، و هەرگیز ئامادەنەبوو کوێرانە دوای سەرکردە و حیزب بکەوێت. هەمیشە بە ژیری و کاملانە سەرنجی ڕووداوەکانی دەدا و ڕەخنەگرانە تاو و توێ کێشەکانی دەکرد.

کاکە ئازاد لە شاری خۆڕاگری خانەقی چاوی بە دنیا هەڵهێنابوو، بۆیە کەسایەتیشی ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگە دژوارەبوو. تێکەڵەیەک لە ئازاری تەعریب و سووربوون لە سەر خۆڕاگرتن و بەرگریکردنبوو. لە ئاخاوتندا زۆر ڕاستەوخۆبوو، و هەرگیز لەسەر پرنسیپەکانی سەوداکاری نەدەکرد. مرۆڤێکی ڕاستگۆ و داوێن پاکبوو، بۆیە لە ناو جەماوەردا ڕێزی تایبەتی لێ دەگیردرا. کاکە ئازاد هاوڕێ و دۆستی لەناو زوربەی هەرە زۆری رێکخراوە کوردستانیەکاندا هەبوو. تەنانەت لەناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشدا دۆست و ئاشنای هەبوو، بۆیە کاکە ئازاد خاوەنی ئەزموونێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و کەلتووری دەوڵەمەندبوو.

ینک لە پاش هەرەسی گفتوگۆی ساڵی 1984 لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا، دووچاری قەیرانێکی سیاسی تەنگژ بوو. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، تەنها بەمەرجی والاکردنی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر قەڵەمڕەوی ینک بۆ سوپای پاسداران، ئامادەی هاوکاری کردنیانبوو.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەمیشە لە ئاستی ڕەخنەدا بێ گەدەن. هەرکەسێک بوێرانە ڕەخنەیان لێبگرێ، ئەوا بێ بەزەییانە بەر شالاوی ڕق و کینەی کادر و پێشمەرگە کالفامەکانیان دەکەوێ. بۆیە لەو سەردەمانەدا گەر کەسێک ڕەخنەیەکی ئەدەبیشی لە ینک بگرتایە، ئەوا زۆر بە سانایی، جۆرەها تۆمەتی دەپاڵەخرا. بەلام لەهەموو تۆمەتەکان سەیر و سەمەرەتر، تۆمەتی عێراقچی بوو! ئەم سەرکردایەتیە عێراقچییەی ئێستای ینک، کە ئامادەن بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق هەموو ئاوات و خەونەکانی گەلی کوردستان بپەڵخێنن، ئەوسا بە تۆمەتی عێراقچێتی دەیان ڕۆڵەی ژیر و نیشتمان پەروەری ناو ڕیزەکانی ینکیان، یا لە زیندان دەخزاند، یا لە ژێر فشاری سووکایەتی پێکردندا دەردەپەڕاند. بەلام تەنها تۆمەتی ڕاستەقینەی ئەو پێشمەرگە نیشتمانپەروەرانە، ملنەدان بەسیاسەتی هەڵە و کارەساتئامێزی ئەو دەمەی ینک بوو! کاکە ئازادیش یەکێک بوو لەو مرۆڤە خاوەن هەڵوێستانەی کە تەنها بۆ بەرژەوەندی گەلەکەی چەکی ئابرۆمەندانەی لە شانکردبوو. هەرگیز ئامادە نەبوو کوێرانە پەیڕەوی تاکتیکە سیاسیە چەوتەکانی ینک بکات، و بۆچوونەکانی خۆی زۆر بەڕاشکاوی و بوێرانە دەردەبڕی.

ئەو دەمانە، لەشکرێک لە ڕیپۆرت نووس لە ناو ڕیزەکانی ینک دا درووستبووبوو. کەسانێک، سیخوڕی ڕێگای دابیینکردنی بژێویانبوو. بۆ پلە و پایە، ئامادەبوون ملی هاوڕێکانیان بە پەتدابکەن. کاکە ئازادیش بەر هێرشی ناڕەوای ئەو کاسەلێسانە کەوت. چەند کادرێکی بوودەڵە و دز و داوێنپیسی ینک، کە کاریان تەنها دژایەتیکردنی بیری داهێنەر و ئازادبوو، کەوتنە ئازاردانی هەست و سۆزە ناسکەکانی کاکە ئازاد. ماندنەوە و درێژەپێدان بە خەبات لە ناو ڕیزەکانی ینکدا، لە و ژینگە ژەهراوی و بۆگەنەدا، کارێکی ئەستەمبوو. بۆیە کاکە ئازاد پاش هەشت ساڵ خەباتی نەپساو و بێ ووچان، پاش برایەکی شەهید و خێزانێکی ئاوارە، زۆر بە دڵشکاوی، باشووری کوردستانی بەجێهێشت.

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی کاکە ئازاد لە ئێران، وەک پەنابەر ژیانی بەسەربرد، هەرگیز لە پرنسیپەکانی نەهاتە خوارێ، و ئامادەنەبوو بۆ بازرگانەکانی سیاسی کورد سەری بڵندی نەوییکات، تا بۆ دەربازببوون بەرەو هەندەران کارئاسانی بۆ بکەن. یەکێتی و پارتی لەو سەردەمانەدا دەستیان لەگەڵ سازمانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیدا تێکەڵبوو، و دەیان کۆنە جاش، و مووستەشار و بەعسیان لە ڕێگای ئێرانەوە ڕەوانەی هەندەران کرد. بۆیە کاکە ئازاد پاش نزیکەی چوار ساڵ لە ژیانی سەختی پەنابەری، و دژواری دەروونی، و بێ دەرامەتی و بێ هیوایی بۆ دەرباز بوون بۆ هەندەران، بڕیاری گەڕاندنەوەی بۆ باشووری کوردستاندا.

لە پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی 1991، کاکە ئازاد لەخۆبووردووانە و بە سنگێکی فراوانەوە، هەموو ئەو ئەزموونە تاڵ و تەڵخانەی کە لەگەڵ ینکدا هەیبوو و لەپێناوی خزمەتکردنی گەلەکەیدا پشتگوێخست، و کارامانە کەوتەوە کار و دەستیکرد بە کۆکردنەوەی مۆسیقای تۆمارکراوی کوردی، و یەکەمین ئارکایڤی کەلەپووری مۆسیقای کوردی دامەزراند. کاکە ئازاد هەمیشە بە دڵێکی پڕ سۆزەوە کاریدەکرد و هەرگیز کاتی بەفیرۆ نە ئەدا. تەنانەت ئەو چەند ساڵەی کە لە ئێرانبوو، سەرقاڵی خوێندنەوە و توێژینەوەبوو. شارەزاییەکی تەواوی لە زمان، و مۆسیقا و ئەدەبیاتی فارسیدا پەیداکرد. کاکە ئازاد هێشتا لە هەگبەکەیدا توانست و بەهرەی زۆری بۆ خزمەتکردنی گەلەکەی پێمابوو. بەڵام ئەفسووس، بار و دۆخی ناهەمواری کوردستان و ئەو نەخۆشییە کوشەندەیەی کە تووشیهات، زۆر پێشسات تەمەنی لاوی کاکە ئازادی کورتبڕکرد.

کاکە ئازاد بەرلەوەی دوا ماڵئاواییبکات، لە ڕێگای میدیاوە، گازەندەی خۆی لە بێ ئەمەکی ینک ڕاشکاوانە جاڕدا. دەبوو ینک دەستبەجێ کاکە ئازادیان بۆ تیمارکردن ڕەوانەی هەندەران بکردایە. بەڵام گوێی دەڵاڵ و قاچاخچییەکانی ینک، ئەوانەی سەرتاپایان نووقمی گەندەڵیە بە لۆکە ئاخنرابوو، و دوا هیوای کاکە ئازادیان بۆ ژیان خەفەکرد. دەیانتوانی تەنها چرکەیەک پتر ژیانیان بە کاکە ئازاد ببەخشیایە لە بری ئەو هەموو قوربانیانەی کە خۆی و خێزانەکەی بە ینکیان بەخشی. بەڵام میرەکانی گەندەڵی، ڕووڕەشیان لە ئاستی مێژوودا بۆ خۆیان هەڵبژارد.

**هەزار هەزار مەخابن بۆ مەرگی تۆ کاکە ئازاد**

**هەرگیز لە یادت ناکەین**

**هەمیشە وەک هونەرمەند، وەک پێشمەرگە، وەک مرۆڤ لە بیرماندا زیندوویت**

---

**بۆ گوێگرتن لە دەنگی هونەرمەند ئازاد خانەقینی**

**کلیکی ئێرە بکەن**